# ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم کۆ دەبێتەوە و پرسی بودجەی عێراق و کارەباو بەنزین تاووتوێ دەکات



ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم کۆ دەبێتەوە و پرسی بودجەی عێراق و کارەبا و بەنزین تاووتوێ دەکات.

ئەمڕۆ چوارشەممە، 2ی ئابی 2023، حکومەتی ماوەبەسەرچووی هەرێمی کوردستان، بەسەرپەرشتیی مەسرور بارزانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، کۆ دەبێتەوە.

لە تەوەرەی یەکەمی کۆبوونەوەکەدا، دواپێشهاتەکانی جێبەجێکردنی یاسای بودجەی عێراق بۆ ساڵی 2023-2025 و دابینکردنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و ڕێڕەوی دانوستانەکانی نێوان هەولێر و بەغدا تاووتوێ دەکرێن.

بارودۆخی کارەبا و بەنزین لە کوردستان، یەکێکی دیکە دەبێت لە تەوەرەکانی کۆبوونەوەکە و لە بڕگەی دووەمی کۆبوونەوەکەدا باسیان لێوە دەکرێت.

لە بڕگەی سێیەم و کۆتاییدا، پرۆژەی پێدانی پارە بە شێوەی ئەلیکترۆنی و پرۆژەی خەرجکردنی مووچە لە ڕێگەی هەژماری بانکی گفتوگۆ دەکرێن.